# پێنج خشتەکی لەسەر پەندێکی پیرەمێردی شاعیر

کورسی و پایە و پول نەتفریوێنێ
بێنەوە یادت نەداری دوێنێ
توانای یەزدانە چیت بەسەر بێنێ
( دەوران دەوڵەتت لە دەست ئەسێنێ
بەڵام ناوی چاك تا سەر ئەمێنێ )

گەر کەوتە دەستت نەختێ کارو بار
رووشکێن مەبە بەتانە و هاوار
گەیشتی یە سەر قەل بە بازووی هەژار
وریابە دەوران نەتخەڵەتێنێ هەر ناوی چاکە تا سەر ئەمێنێ

گەر ئازارت دی لەدەست زۆرکارێ
شکستت هێنا لە پەلامارێ
هەمدیس بچۆوە لای بەهرەدارێ
با ئیمرۆش دەوران جێت بلەقێنێ
بەڵام ناوی چاك تا سەر ئەمێنێ

کە هاتیە دنیا رووت بوویت و تەنیا
لە ترسی کۆشش دەروونت گریا
ئیمرۆت پێبڕا دوای هەزار بریا
دەوران زۆری تر دەبا و دەهێنێ
بەڵام ناوی چاك تا سەر ئەمێنێ

له ئاخاوتندا بیرکەرەوە .. بیر
کێ له کۆڕ دایه له گەنج و له پیر
بە تەنها تۆ نیت خاوەنی تەکبیر
ئەوە دەورانە و هەڵئەسووڕێنێ
هەر نتوی چاکە تا سەر ئەمێنێ

ئەگەر لێکەوتی رۆژێ لە رۆژان
بوویتە هاوریزی ئەشکەنجە چێژان
خۆتی بۆ شل کە وەك مردوو نێژان
( دەوران دەوڵەتت لەدەست ئەسێنێ
بەلاّم ناوی چاك تا سەر ئەمێنێ )

له بلاّوکراوەی شاڵوور ژمارە (5) ساڵی سێیەم لاپەڕە 3